# 109 ساڵ بەسەر تەمەنی رۆژنامەگەریی کوردیدا تێپەڕیوە
# هێشتا دەستدرێژی بەسەر رۆژنامەنووسان بەردەوامە

**رێژین ئیبراهیم**

هەفتەی رابردوو لەشاری هەولێر پەیامنێری کەناڵی سۆمەرییە "سرود" لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رفێندراو چارەنووسی نادیارە، ئەمەش تائێستا دوایەمین ژمارەی ئەو رۆژنامەنووسانەیە کە لەکوردستان تووشی رفاندنو گرتنو هەڕەشەو ئازاردان بوونەتەوە.

بەپێی ئامارێکی "یونامی" بەشی فریاکەوتنی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، تائێستا لەکوردستان زیاتر لە 25 رۆژنامەنووس تووشی هەڕەشەو تۆقاندن بوونو ژمارەی رۆژنامەنووسە کوژراوەکانی عێراقیش گەیشتووەتە 155.

سەرنووسەری رۆژنامەی هاوڵاتی عەدنان عوسمان پێی وایە زۆربوونی پێشێلکاری بۆ سەر رۆژنامەنووسان بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە رۆژنامەنووسانی کورد زیاتر "ئازاو بوێر" بوون، عەدنان عوسمان وتی "دڵخۆشم بەوەی رۆژنامەنووسەکانمان هەوڵدەدەن دەست بۆ ئەو بابەتانە بەرن کە باسکردنیان قەدەغەیە، ئەمەش نیشانەی پرۆفیشناڵ بوونی زیاترە".

سەرنووسەری هاوڵاتی نیگەرانە لەوەی دەسەڵاتدارانی کورد بەشێوەیەکی "میزاجی" مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووساندا دەکەن، ناوبراو وتی "دەسەڵاتدارانمان کەی بیانەوێت رۆژنامەنووسان دەستگیر دەکەنو کەی نەیانەوێت لێیان خۆش دەبن".

گرتنی محەمەد سیاسیو رفاندنی حەوێز حەوێزی پەیامنێری هاوڵاتی لەشارۆچکەی کۆیەو ئازاردانی نەبەز گۆرانو هەرەشە کردن لەرەحمان غەریبو لێدانی بەختیار جاف پەیامنێری کەناڵی زاگرۆسو ئازاردانی ئارام سالح پەیامنێری کوردستانی نوێو دەستگیرکردنی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ئەحمەد میرە، چەند نموونەیەکن لەکۆی ئەو "پێشێلکارییەنە"ی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراونو ئەمە جگە لەوەی لەزۆربەی رێپێوانو ناڕەزاییە جەماوەرییەکاندا رۆژنامەنووسان کراونەتە ئامانجی گرتنو تێهەڵدانو زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندنیش پشکی خۆیان بەرکەوتووە.

لەگەڵ ئەوەی چەند مانگێك لەمەوبەر راگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی لەبەیانێکدا رایانگەیاند کە دەست وەرنادەنە کاروباری رۆژنامەنووسانەوە، بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشاو رۆژی 4/17 سەرنووسەری لڤین ئەحمەد میرە بەدەستی مەفرەزەیەکی ئاسایش لەماڵەکەی خۆی دەستگیر کرا، بۆ رۆژی دواتر بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی سەرکەوت حەسەن لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی شەرق ئەوسەت رایگەیاند کە "لەسەر داوای سکرتاریەتی تاڵەبانی ئەو رۆژنامەنووسە دەستگیر کراوە".

ئەحمەد میرە لەبارەی دەستگیرکردنیەوە ئەوە روون دەکاتەوە کەسیانزە سەعات لەژوورێکی زیندانندا ماوەتەوە، میرەو وتی "ئەو سیانزە سەعاتەم لەناو ژوورێکی تاکەکەسی لەزیندانەکانی ئاسایشی سلێمانی بەسەر برد".

نەبەز گۆرانی رۆژنامەنووس کەشەوی 4/3 لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لەشاری هەولێر رفێندراو پاش ئازاردانێکی زۆر لەگوندێکی نزیك ئەو شارە بەجێهێڵدرا، نەبەز کە هێشتا ئاسەواری لێدانو ئەشکەنجە بەجەستەیەوە دیار بوو وتی "پاش فرێدانم راستەوخۆ داوایەکی یاسایم لای پۆلیس تۆمار کرد ئێستاش لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە دەکرێت".

جگە لەرێگا "نایاساییەکان" تائێستا ئاسۆس هەردی سەنوسەری ئاوێنەو توانا عوسمان سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتی حوکمی شەش مانگ زیندانی "لەگەڵ راوەستانی جێبەجێکردندا" بەسەریاندا سەپاوە، هەندێ لەرۆژنامەنووسانی تریش ترسی ئەوەیان هەیە لەرێی یاسای "نەگونجاو"ی راگەیاندنەوە زیاتر کۆتو بەند بکرێن.

سۆران عومەر سەرنووسەری سایتی کوردستان نیوز پێی وایە سایتە کوردییەکانیش بێبەش نەبوون لەو شاڵاوە "پێشێلکارییە"ی تووشی رۆژنامەنووسان بووەتەوە، بەو پێیەی رۆژنامەنووسانی سایتە کوردییەکانیش تووشی هەڕەشەو ئازاردان بوونەتەوە، بەهەمان شێوە چەندین سایتی ئەلکترۆنی کوردی هاك کراوە، سۆران لەلای خۆیەوە دەڵێت "پێویستە سەندیکای رۆژنامەنووسان فشار بخاتە سەر پەرلەمان بۆ ئەوەی بواری ئازادی رادەربڕین فراوانتر بێت".

سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئەوە رادەگەیەنێت کە لەم رووەوە دەستە وەستان نەبووەو هەوڵەکانی بەردەوامە، زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەوە روون دەکاتەوە کە سەندیکا پرۆژە یاسایەکی داوە بەپەرلەمان کە "تاڕادەیەکی زۆر ئازادییەکان بەرفراوان دەکات"، زیرەك کەمال دانی بەوەشدا نا کە یاساکانی ئێستا کۆتو بەندی زۆریان بۆ رۆژنامەنووسان دروست کردووە.

لەبەرامبەر بەردەوامی ئەم "پێشێلکاریانەدا" رۆژنامەنووسان گلەیی ئەوە دەکەن کە سەندیکایەکەیان بێدەنگەو لەکاتی رووداوەکاندا هەڵوێستی "خێراو یەکلاکەرەوە"ی نییە، سەندیکاش ئەمە رەت دەکاتەوە.

لێپرسراوی لقی سلیمانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان فەرید زامدار ئەوەی روون کردەوە کە سەندیکا لەهەموو حاڵەتە پێشێلکاریەکان کە دەکرێتە سەر رۆژنامەنوسان هەڵوێستیان هەبوە لەرێگەی پەیوەندی راستەو خۆ بەئاسایش و لایەنی پەیوندیدارەوە، هەروەها وتی "داوامان کردووە سەندیکا لەکاتی گرتنی رۆژنامەنووساندا ئاگادار بکرێتەوە".

بەرپرسانی حکومی کراوەیی حکومەت لەئاست ئازادی رادەربڕیندا باس دەکەن‌و رێگەدان بەزۆری کەناڵەکانی راگەیاندن دەخەنەروو، ئەوەتا فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری لەمیانی کۆنگرەی "یونامی" کە رۆژی 20ی مانگ لەشاری هەولێر رێکخرا، ئاماژەی بەوەکرد کە تائێستا مۆڵەتی رەسمی دراوە بە851 رۆژنامەو گۆڤار ئەمە جگە لەدەیان رادیۆو تەلەفیزیۆن، هەروەها ئەوەشی روون کردەوە کە بۆ یەکەمین جار یاسای خانەنشین کردنی رۆژنامەنووسان پەیڕەو کراوەو لەقۆناغی یەکەمیشدا شەش رۆژنامەنووس خانەنشین کراون، کە یەکێکیان لەژیاندا نەماوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێشتا زۆربەی رۆژنامەنووسان نیگەرانن لەبارودۆخەکەو ئەو هەموو "پێشێلکارییە"ی چەند ساڵی رابردوو بەنموونە دەهێننەوەو کەسیش نازانێت ئەم شاڵاوە تا کەی درێژە دەکێشێت.

---

**ئەم بابەتە لە رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 66 بڵاو بۆتەوە**